Kurdistan Net

چەند هەواڵی پێوەندی داری بە کوردستان و ئێرانەوە.

سوئیس/زوریخ

ڕۆژانی شەممە و یەک شەممە لە شاری "زوریخ" کونفرانسێکی زانستی و ئاکادمی بۆ لێکۆڵەرەوانی ئێرانی و بەشێک لە سیاسەت وانان، مێژوو نووسان، کۆمەڵناسان و هەروەها نوێنەرانی هێندێک لە ئوپوزیسۆنی ئێرانی پێکهات. کونفرانسەکە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە دەستی پێکرد و تاکوو ڕۆژی دواتر، کاتژمێر ١١ی شەو درێژەی کێشا. ئەم کونفراسە بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم خاڵانە خوارەوە تەرخان کرابوو:

١- گەلاڵەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵێکی چەند کلتووری. کە بەڕێوەبەری ئەم بەشە بەڕێز د. یونس شاملی بوو.

٢- ماف شارۆمەندی یان ماف گەل مەزهەبی؟ ئەم بەشە کە بە شێوازی تەشەری ئەدەبی و لە قاڵبی چیرۆکە هۆنراوەیەکدا داڕێژرابوو لە لایەن بەرێز د."ئەسغەر عەبدی"یەوە رازایەوە.

٣- زمانە زگماکی یەکان یان زمانی هاوبەش، ئەم بەشەی کونفرانسەکەش لە لایەن د. "زیائەالدین سەدر الاشراف" شارەزا و لێکۆڵەر لە بواری زماندا بە شێوەیەکی جوان، مێژووی زمانە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی هەڵسەنگاند.

٤- دابەش کردنی دەسەلات، دەستەبەربوونی دیموکراسی یە. ئەم بەشە لەو بابەتە گەرم و سرنج ڕاکێشانەی کونفرسەکە بوو کە لە لایەن کاک ئەبوو کەریمی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەم کونفرانسەدا، بەڕێوەچوو. ناوبراو بە درێژی لەسەر تێکۆشانی زیاتر لە نیو سەدەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دانانی سیستەمێکی دیموکراتیک قسەی بۆ بەشدارانی کونفراسەکە کرد.

سوێد/یۆتەبۆری

دادگایەک لە "مۆلن دال"ی سەر بە شاری یۆتەبۆری ڕۆژی پێنج شەممە، بڕیاری بەندیخانەی بۆ باوک و برایەکی کورد بڕیەوە. تاوانی ئەم باوک و کوڕە ئەوە بووە کە ماوەی چەند ساڵێکە کچە ١٧ ساڵەکەی بنەماڵەکەیان سزا داوە و جارێکیشیان برا کەی داخی کردووە. سەرەڕای ئەوەی چەند کەس لە بنەماڵ و کەس و کاری ئەم ٢ پیاوە شایەتیان لەسەر ئەوە دا کە قسەی کچەکە درۆ و ساختەیە، دادگایەکە قسەکانی کچەکەی بە ڕاست زانی و بۆ سزای ئەم تاوانە، دەبێ باوک و برای کچەکە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە بەندیخانەدا بن و پێکەوەش ٢١٧ هەزار کرۆن جەریمە بە کچەکە بدەن.

سوێد

ڕۆژی چوارشەممە، لە دادگایەکدا باوکی "فادیمە شاهیندالّ" بە تاوانی کوشتنی کچەکەی لە دادگادا ئامادە بوو و دادگاکەش ئەم کابرایە بە کوشتنی کچەکە مەحکوم کرد. شایانی باسە ماوەیەک لەمەوبەر بە تاوانی ئەوەی فادیمە بە دڵخوازی خۆی مێردی بە کابرایەکی سوێدی کردبوو باوکی بە دەبانچە سێ گوللەی لە سەری دا و کوشتی. بەڵگەی هەرە بەهێز بۆ سەلماندنی ئەم تاوانە بەسەر ئەم کابرایەدا دانپێدانانی خۆی بوو کە تاوانەکەی وەئەستۆ گرت، هیچ بەڵگەیەکیش بە دەستەوە نیە بۆ ئەوەی ئەم کابرایە لە کاتی قەتڵەکەدا هاوکاری لە کەسێکیتر وەرگرتبێ.

ئاڵمانیا

کابرایەکی ئێرانی کە پێشتر لە سوێد دەژیا پاش ئەوەی ژنە پێشوەکەی خۆی کوشت و لە سەر ئوتوبان فڕێ دا، هەڵات و لە ئاڵمانیا خۆی شاردەوە. پاش ئەوە لاشەی ژنەکە لە لایەن چەند کەسەوە دۆزرایەوە، پۆلیس شوێنی کابرای ئێرانی هەڵکرد و لە ئاڵمانیا دەستگیری کرد. ئەم کابرا ئێرانیە پێشتریش ٢ ژنی دیکەی خۆی کوشتووە و ئەمەش بوو بە سێهەمین قەتڵ. دادگا بڕیاری دا کە پاش ١٠ ساڵ بەندیخانە، ئەوجار دەبێ لە واتی سوئدیش دەبکرێ.

ئەفغانستان

لە ڕۆژی دووشەممەوە فرۆکە شەڕکەرەکانی ئامریکا چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کابول کە گوایە حەشارگەی هێزەکانی ئەلقاعیدە و تاڵەبانەکانە بە خەستی بومباران دەکا و دوو هەلیکۆپەریشیان بەربووە کە بوو بە هۆی گوشتنی ٧ سەربازی ئامریکایی. لەم پێوەندیەشدا جۆرج دەبلیۆ بووش لە وتارێکی تەلەفزیۆنی دا سەرەخۆشی لە خەڵکی ئامریکا کرد. پەرپرسی گشتی هێزە نیزامیەکانی ئامریکا "ریچارد مایر" ڕایگەند کە تاکوو هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی "ئەلقاعدە" خۆیان بە دەستەوە نەدەن یان نەکوژرێن، ئەم هێرشانە هەروەها بەردەوام دەبێ.

ئێران

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕادیۆ ئورووپای ئازادەوە بڵاو بوونەتەوە، ڕۆژی هەنی ڕابردوو، هێرشێکی توندوتیژ کرایە سەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی "ئنسار حزبەڵا"ی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەم ماڵپەڕە بە تەواوی تێک درا، "حەمید استاد" کە ڕێبەری ئەم ڕێکخراوە لە خوەراساندایە، ڕایگەیاند کە تاکوو ڕۆژی دووشەممە، ئەم ماڵپەڕە بە ناوێکی تر ساز دەکرێتەوە و درێژە دەدەین بە ناونووسی ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ لە کردەوەی تیرۆریستی دا خۆیان بتەقێننەوە. پێش داخستنی ئەم ماڵپەرە "ئیساری حیزبەڵا" ڕایگەیاندبوو کە ئەگەر ئامریکا هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەوانیش لە دەرەوەی وڵاتدا هێرش

Kurdistan Net

دەکەینە سەر بنکە سەرەکیەکانی ئامریکا و ئیسرایل و خۆیان لەم جۆرە شوێنانەدا دەتەقێنینەوە و هەر لەم پێوەندیەدا "ئینساری حیزبەلا" دەستی دابووە ناونووسی ئەو کەسانەی کە ئامادەن لە چالاکی یەکدا خۆیان بتەقێننەوە.

سوێد/ستوکهۆلم

بەندی یەکی ٢٥ ساڵە کە ١٤ی مانگی ٢ لە لایەن چەن هاورێیەوە کاتێک بۆ دەرمان کردن برابووە نەخۆشخانەی "سوێدرتەلیە" رزگار کرابوو، دوێنەشەو لە نێو شاری ستوکهۆلم دا پاش چەند تەقە دیسانەوە دەستگیر کرا. ئەم کابرا ٢٥ ساڵەیە بە یەکێک لە زندانیە هەرە خەتەرەکانی سوێد دژمێردرێ و ساڵی پاریش کاتێک پۆلیس ویستی بیگرێ، بۆ ئەوەی بە دەستی پۆلیس بکژرێ و نەجاتی بێ، هێرشی کردبووە سەر پۆلیسەکان بەلام ئەمان لە لاقیان دابوو. ئەم زیندانییە، پێش ئەوەی لە لایەن هاورێکانیەوە رزگار بکرێ، بۆ ماوەی ٤ ساڵ حوکم درابوو.

رادیۆ دەنگی کوردستان

٢٠٠٢/٣/٦